# ئازاری «دەربڕین» و دەربڕینی «ئازار»

## (پەیوەندیی دەربڕین و ئازار لای مرۆڤ و گیانلەبەر)



**موراد فەرهادپوور**

و. وەلید عومەر

قسەیەک:

ئەمەی دەیخوێنیتەوە، پوختەی سیمینارێکی ڕۆشنبیری ئێرانی موراد فەرهادپوورە. سیمینارەکە بەهاوبەشی لەگەڵ وەرگێڕ و نوسەر ساڵەح نەجەفییدا سازکراوە. باسەکە لەبنەڕەتدا پەیوەندیی بە ڕووەکخۆرییەوە هەیە کە ئەمڕۆ وەک ستایلێکی ژیانی لێ هاتووە و ئەم ستایلە وەک ئەخلاق دەفرۆشرێتەوە. واتە خۆی ستایلە، بەڵام بە مەرجی ئاکار بەڕووماندا دەدرێتەوە. مەرج نیە ڕووەکخۆری ئەخلاقێکی عەقڵانی بێت بەڕووی ئازاری گیانلەبەراندا، کێشەکە لەوە سیستەماتیککیتر و ڕیشەدارترە. لەم ساتانەدا کە جەژنی قوربان دێت، بەر نەفیکردنی تایپێک لە ئاژەڵەکان دەکەوین کە ڕیشەی خۆی لە دونیای پێشمۆدێرن و سەردەمانی قوربانیدانەوە وەرگرتووە. ئەمڕۆ بەتەنیشت قوربانیکردنی زۆروزەبەندی ئاژەڵەکانەوە، بازرگانییەکی خێرا و سەرتاپاگیریش بە گۆشتی ئاژەڵەکانەوە دەکرێت و وەکبڵێی قوربانیکردنە بەشێکی بچوکە لە دیمەنەکە. لە عەقڵیەتی ئێمەدا هێشتا حەیوان ئەو بوونەوەرە یان ئەو ڕووبەرە دوورەدەستەیە کە بەشێوەیەکی ئەنتاگۆنیستی لە مرۆڤ جیادەبێتەوە. بەڵام لەڕاستییدا شتەکە بەو جۆرەش نیە. زەینی دینی ئەم تێڕوانینەی دروستکردووە و حەیوانی نزمتر پیشانداوە. جۆرج لوبی بۆفۆن دەڵێت: گەر گیانلەبەران بوونیان نەبووایە ئەوا تێگەیشتن لە ماهیەتی مرۆڤ سەختتر و درکنەکراوتر دەبوو. واتە بوونی حەیوان، بوونی ئەوێکی ترە کە سنورداریێتییەکی ڕیشەیی خۆمانمان بیردەخاتەوە و ناهێڵێت زۆر باڵا خۆمان ببینین. کەمیش نین ئەو بیریارانەی لەوێوە ستایشی حەیوان دەکەن کە خۆی تووشی سەرێشەی زمان نەکردووە، چونکە زمان بە چاوگی زەبروزەنگ دەزانن و ئەو کلێشە ڕەتدەکەنەوە کە زەبروزەنگ بە مانای کۆتاییهاتنی زمان دێت(مرۆڤ بۆیە توندوتیژە چونکە زمانی هەیە). لە سیمینارەکەی نەجەفییدا، کە دوای ئەم باسە بڵاویدەکەینەوە، ژمارەیەکی زۆر خاڵی ورد هەیە کە ئاڵۆزییەکانی پەیوەندیی مرۆڤ و کوشتاری گیانەوەران پیشاندەدات. لەوانە، وەرگەڕانی «هۆلۆکۆست» بۆ کوشتاری هەنوکەی حەیوانەکان لە ئاستێکی بەرفراواندا. ڕاستییەکەی، ناتوانین حەیوان و مرۆڤ یەکسانبکەین(نەک لەڕوانگە دینی و هیومانیستییە باوەکەوە)، بەڵکو لەڕوانگەیەکی فەلسەفیی نۆژەنخوازەوە. کێشەی حەیوانات گرێدراوە بە کێشەی مرۆڤەوە و شتەکە بۆ کەلتوری ئێمە ئاڵۆزتریشە. پرسیاری ئەم باسەی

خوارەوە ئەوەیە: ئازار بەبێ هەوڵی دەربڕین و تەعبیرکردن تا چەند ئازارە؟ لەمەدا مرۆڤ و حەیوان چەندە هاوبەشن؟ ئاخۆ بێدەنگی و بێزمانیی حەیوانات لە ساتی قوربانییدا، جیاکراییەکی چۆنایەتیی لەگەڵ بێزمانیی مرۆڤدا هەیە لە ساتی مردندا؟

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

ساڵی ٢٠٠٣ ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەی گاردیان بڵاوبووەوە کە گوایا تەنیا لەم ساڵەدا شەش ملیار مریشک سەردەبڕدرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە چەندین ملیار مانگا و مەڕ و چەند سەد ملیارێکیش ماسی و ...هتد. دەبێت ئەم ئامارە بەتەنیشت ئەم پرسانەی خوارەوە تاوتوێبکرێت: دۆخی کارەساتباری باخچەی ئاژەڵان، تراژیدیای گیانەوەرە ماڵییەکان، جۆرەها سیستەمی چەوساندنەوە و خراپبەکارهێنانی گیانەوەرە ماڵی و دەستەمۆکان، دەستکاریی جینەتیکیی حەیوانات و لە هەمووشی گرنگتر لەناچوونی ژینگەکانیان و قڕبوونی توخمی جیاجیای ئاژەڵان و سەرکوتکردنی سرووشت و باڵادەستیی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا. کێشەکە تاڕادەیەک بۆ ئازار، شێوازی دەربڕینی، و دەرکەوتن و تەجەلابوونی دەگەڕێتەوە. تەنانەت لەم ئاستەشدا، دەبینین ئامار دەدەنە دەرەوە و دۆخی ناو قەسابخانەکان ئاشکرادەکەن. باسەکەم مەنزوومە یاخود کۆمەڵەئایدیایەکە کە بەدەوری هەردوو جەمسەری «ئازار» و «دەربڕینی ئازار»دا پێکهاتوون، یان با بڵێین دیالەکتیکێکە لەنێوان «ئازار» و «دەربڕینی ئازار»دا. واتە ئەوەی کە چۆن ئازاری دەربڕینمان هەیە و دەربڕینی ئازاریش.

شێوازەکانی تری پۆلێنکردنی ئەم دوو کاتیگۆرییە بەتەنیشت یەکترەوە، پەیوەستە بە ئەنوا و ئەشکاڵ پرسی بەرفراوانتری فەلسەفییەوە وەک ئۆنتۆلۆژیا(بوونناسی)، ئەنترۆپۆلۆژیا(مرۆڤناسی)، ئەپستمۆلۆژیا(زانینناسی) و هتدەوە کە لە هەریەکە لەمانەدا ئەم دوالیزمە دەخرێتەڕوو. ئێمە لەم کەلتورەی خۆماندا مەسەلەکە لە کەوڵی دەستەواژەیەکی وەک «حەیوانی بەستەزمان»دا دەردەبڕین. ئاخۆ ئەم بەستەزمانی‌یە[= زمان + بەستراوی]، خۆی بە بە شێک لە ئازار دانانرێت؟ یان بە بەشێک لە دەستەوەسان لە دەربڕینی ئازاردا؟ هەرچۆنێک بێت، لە ئاستی

عاممەی خەڵکیشدا ئازاری گیانلەبەر ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە دەربڕینی ئازار و بێتوانایی گیانلەبەرەکەوە لە دەربڕین و تەعبیرکردندا(واتە بەستەزمانی). ئەم مەسەلەیەش کۆمەڵێک ئایدیای لاوەکیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە وەک بێگوناهی و پاکی و قوربانیبوون و هتد [کە وەک میتافۆر بۆ مرۆڤیش بەکاردەهێنرێن].

بەستەزمانی، ئاماژەیە بۆ پانتاییەکی خۆڵەمێشی کە تیایدا بەر ئازارێکی کپەوەبوو دەکەوین. تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە چەند حاڵەتێکدا هێما بۆ ئەم باسە دەکات. نمونەی ئەو ئێش و ئازارانەی کە ئیمکانی دەربڕینیان لێسەنراوەتەوە، لە ئەدەبیاتدا زۆر زۆرە. نمونە سامناکەکەی ئەدۆرنۆ ئەو مرۆڤە بێهۆشکەوتووانەیە کە نەشتەرگەرییان بە سەرەوە دەکرێت. ئاخۆ هەربەڕاست ئەو کەسە ئازاردەچێژێت یان نا؟ ئێمە نایزانین. ڕەنگە هەموو ئەو ئازارانە بچێژێت و ئیشی بەنجەکە ئەوە بێت نەهێڵێت بیری بکەوێتەوە ئازاری چەشتووە. هەمان شت سەبارەت بەوانەش ڕاست دەردەچێت کە چوونەتە دۆخی کۆما (و لەهۆشچوونی درێژخایەن)ـەوە. نازانین کەسەکە حاڵی چۆنە، ئاخۆ ئاگای لەخۆیەتی و دەتوانێت زەجر و ئازار بکێشێت؟ ئەمانە فۆرمی جیاجیای بەستەزمانین. ئەدۆرنۆ لە کتێبی "دیالەکتیکی ڕۆشنگەری"دا سەبارەت بە گیانلەبەران و بەتایبەت سەگ، نمونەیەکدێنێتەوە و هەوڵدەدات مەسەلەی جڵەوکردنی سرووشت و ئازارەکەی، ببەستێتەوە بە دەربڕینی ئازارەوە. بەیەکداچوونی «ئازار» و «دەربڕینی ئازار» ڕێنادات هەندێک دوالیزمی وەک مرۆڤ/ئاژەڵ درووستکەین، یان تەنانەت پێوەرێکیش بۆ بڕی ئازارچەشتن داتاشین. تەنانەت گەر ئازار لە ئاستی جەستەییدا وەرگرین و ئازاری مەعنەوی بخەینەلاوە، ئەوا هێشتاش ئەو خاڵە دەمێنێتەوە کە جیاکردنەوەی مرۆڤ و حەیوان، یان پلە جیاجیاکانی ئازارچەشتن لە مرۆڤدا لەسەر بنەمای شتێکی جیا لە «دەربڕینی ئازار» خۆی شتێکی بێمانایە. [بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤ و حەیوان لەو خاڵە جەوهەرییەدا هاوبەشن کە دەربڕینی ئازارە و هەردووکیان لە دەربڕینەکەدا هاوچارەنووسن]. ئێمە دەستمان بە خودی ئازار یان زاتی ئازاردا ناگات. "ڤیتگنشتاین"یش ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات. مرۆڤ کە دانی دێشێت ئەوا لەڕێگەی پیشاندانی ئەو ئازارەوە، بەشداریی ئەزموونی ئازار دەکات لەگەڵ ئەوانیتردا، و ئەگەریش بەڕاستی دانی نەئێشێت ئەوا هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەستدا نیە بۆ ئەوەی تێبگەین ئایا ئازار لەویادا حزووری هەیە یان نا. ئازار

لەڕێگەی پیشاندانی ئازارەوە دیاریدەکرێت. تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامداوە کە دەریدەخات هەڵپەساردن و خستنەکەوانەی دەربڕین و دەرکەوتنی ئازار تا کوێ دەتوانێت بڕەکات. بە ژمارەیەک خەڵکیان وت دەستبنێن بە دوگمەیەکدا و فشارێکی کارەبایی بخەنە سەر ژمارەیەک کەسی تر، چونکە هەرکە نمرەی فشارەکە زیادکرا ئەوا ئەوانیش ئازارێکی زۆرتر دەچێژن. ئەو ژمارەیەش کە دانیشتبوون کارەباکەیان پیا تێپەڕێت، ئەکتەر بوون و بڕیاربوو ژێست و نمایش بنوێنن و هیچ کارەبایەکیش لەئارادا نەبوو. پاشان بە کەسەکانیان وت نمرەی فشارەکە زیادبکەن. لەو پانزە کەسە، تەنیا یەک کەس ناڕەزایەتیی دەربڕیبوو، ئەویش ئەو کاتەی کە پەستانی ئازارەکە گەیشتبووە نزیکی مردن و هێڵی سووری بەزاندبوو. واتە ئەوە هیچ کە هەموو کەسەکان بەپێی ئۆتۆریتەی زانست و پرۆفیسۆرەکان لە هێڵی ئەشکەنجە تێپەڕین، بەڵکو گەیشتنە خاڵی مردن و بەئاسانی ئەوانیتریان کوشت. تەنیا یەک کەس ناڕازی بوو و وتی پەنجە بە دوگمەکەدا نانێم. ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوە دەردەخات تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت یاری بە مەسەلەی دەرکەوتن و دەربڕینی ئازار بکرێت. جیابوونەوەی ئازار لە دەربڕینی ئازار، ئەو مۆڵەتەمان دەداتێ کە باسی ئازاری ساختە بکەین یان بڵێین ئازارێک لە ئازارێکی تر گەورەترە. ئەو بۆردوومانەی کە ١٥٠ کەسی تیا دەکوژرێت، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو بۆردوومانەی کە ١٥٠ هەزار کەسی تیا دەکوژرێت؟ ئاخۆ دەکرێت بەهۆی ژمارەوە، ئێش و ئازار پیشانبدرێت؟

باشترین نمونە بۆ ئەم باسە دەکەوێتە ناو دەروونشیکاریی فرۆیدییەوە. لەڕوانگەی فرۆیدەوە، هیچکاتێ خودی برین، زەربە و زیان، ئازار و تراوما سەرکوتنابێت. نەست بەرەنجامی دووبارەبوونەوە و گەڕانەوەی سەرکوتکراو و چەپێنراوەکانە و ئێمەش لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی ئازار و دەربڕینی سەرلەنوێی ئەو ئازارەوەیە کە ئازارەکە دێنینەوە بیری خۆمان و بەردەوام دووپاتیدەکەینەوە، واتە لەڕێگەی ئەو شتەوە کە پێیدەوترێت عوساب(نیورۆسیس)؛ واتە ئەو نەخۆشانەی کە ناچار بە دووبارەکردنەوەن، و نیشانەی جیاجیای وەک وەسواس و هیستریا هەمووی لە دەربڕین و دەرکەوتنی سەرلەنوێی ئازارەوە سەرچاوەدەگرێت. ئازارێکی سەرەتاییمان نیە کە سەرکوتکرابێت و هەندێک لەت و پارچەی بگەڕێتەوە، بەڵکو خودی ئازارە سەرەتاییەکە بەرهەم و بەرەنجامی پرۆسەی دووبارەبوونەوەیە. نەست هیچ نیە جگە لەو پشێوی و درزەی کە

لە بازنەی گەڕانەوەی شتە سەرکوتکراوەکەدایە. ئەوە دەرکەوتنی ئازارە کە خودی ئازار پێکدێنێت. ئەم باسە تایبەتە بە دەروونناسیی مرۆیی، بەڵام دەتوانین دەرهەق بە زۆرێک لە گیانلەبەرانیش ببیینین. پلەیەک لە یادەوەری بوونی هەیە و گوزارشتە لەوەی کە دیاردەی ئازار لە دەربڕینی ئازار جیانابێتەوە. لە ناو ئازار خۆیدا، ئاراستەیەک هەیە بەرەو دەرکەوتن. لە تووڕەیی و شادی، یان فۆرمەکانی تری هەست و ئەزموونداو ئەم ئاراستەیە یان نیە هەر زۆر کەمە. ئەمە سەبارەت بە ئەزموونکردنی پرسی تراژیدیاش هەر ڕاست دەردەچێت. کۆی چڕییەکەی پرسی تراژیدیا پەیوەستە بە دەرکەوتن و نواندنەوەوە. لێرەشدا سەروکارمان لەگەڵ ئازارێکی بێ‌زمان(یان بەستەزمان)دایە. لە سەردەمی تراژیدیادا، بەتایبەت تراژیدیاکانی بەر لە سۆفۆکڵ و ئاخیل، کەمترین دیالۆگ لەئارادایە. پاڵەوانەکە بەسەر سەکۆکەوەیە و تەنیا بەهۆی نواندن و نمایشکردنی خۆیەوە ئازارە تراژیدییەکەی خۆی دەردەبڕێت و هەموو نمایشەکە لە خزمەتی ئەم هەبوونە بێ‌زمانەدایە؛ واتە ئەو بەستەزمانی‌یەی کە بەجوانی لە پاڵەوانی تراژیکدا دەیبینین. ئازار زۆرترین کەمەندکێشیی بە لای "دەربڕین"دا هەیە [و دەیەوێت لەڕێگەی دەربڕینەوە ماهیەتی خۆی دەربخات]. ئەگەر ئەمە بەراوردبکەن بە ئەزموونی شادی، شتەکە ڕوونتردەبێتەوە. ئەو کاتەی ساتە خۆشەکانمان بیردەکەوێتەوە، هەمیشە مەودایەکمان لەگەڵ خودی ئەزموونەکەدا هەیە. دوو هاوڕێی کۆن دەگەنە یەکتردا و باسی یادگارییەکانیان دەکەن و سەرەتاش ئەو ساتەوەختە خۆشانە بەرهەمدێننەوە، بەڵام تێدەگەن تازە کاتی لاوی نایەتەوە. بیرهێنانەوەی خۆشی و شادی، هاوشانە بە لەدەستچوویی خۆشی، و بۆیە لە بیرهێنانەوەکەیدا خەمێک هەیە و لەگەڵ خۆشییەکەدا یەکنایەتەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە دەربڕینی ئازار خۆی ئازاراوییە، و بەتەواوی لەگەڵ دیاردەی خەم و ئازاردا یەکدێتەوە. دوو کایەی تر کە ئەم دیالەکتیکەی تیا ڕوودەدات، یەکیان کایەی هونەرە کە دەرگیری مەسەلەی "دەربڕین"ـە و ئەویتریشیان ئەزموونی ئازاری بەستەزمانانەی گیانلەبەرانە کە بەر ئاڵۆزییەکەی نێوان «ئازار» و «دەربڕینی ئازار» دەکەوین. لە کایەی هونەردا، وەک هەمیشە دەچمەوە سەر گفتوگۆکەی سامویل بێکێت لەگەڵ "جۆرج دوتوویی"دا سەبارەت بە وێنەکێشان. بێکێت، عادەتەن دەرگیربوونی دەروونناسییانە لەگەڵ مەسەلەی "دەربڕین"دا بە نیشانەی کەوتنی هونەری مۆدێرن دەزانێت. ئەو هونەرەی کە هەموو خەم و

کەڵکەڵەی بریتییە لە تۆزێک دەربڕینی باشتر و زیاتر، لەکاتێکدا کە هەمیشە دەکەوێتە داوی خودی دەربڕینەوە و قەیرانی وێنەکێشانیش لە هەناوی ئەم گرفتەوە دێتەدەرێ.

دوتوویی دەڵێت: «قسەکەتان ئەمە بەرهەمێتی. ئەو فۆرمە لە دەربڕین کە ناوی وێنەکێشانە، دەبوو چاوەڕێی دەرکەوتنی فان فیڵدە(ـی وێنەکێشە پەسەندکراوەکەی بێکێت)بێت تا لە شەڕی ئەو تێگەیشتنە ناڕاستە ڕزگاری ببێت کە لە سایەیدا بۆ چەندین سەدە زەحمەتی کێشاوە، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە فرمان و کارکردی وێنەکێشان بریتییە لە دەربڕین لەڕێگەی ڕەنگەوە». لە ڕوانگەی بێکێتەوە، و سەرەنجام دۆخەکە بۆ ئەو بەو جۆرەیە کە نە شتێک بۆ دەربڕین لەئارادایە و نە ڕێگەیەکیش بۆ دەربڕین. مەحاڵبوونی دەربڕین، ئەو شتەیە کە دەست و پێی هونەری بەستووەتەوە. بێکێت دەڵێت: «لەنێو هەموو ئەو کەسانەدا کە بە هونەرمەندی گەورەیان دەزانین، هیچکەس شکنابەم لەبنەڕەتەوە سەرنجی نەچووبێتە سەر ئیمکانەکانی دەربڕینی خۆی و میدیۆمی دەربڕینەکەی و سەرەنجامیش ئیمکانەکانی دەربڕینی مرۆڤایەتی. لە بنەڕەتی هەر جۆرە وێنەکێشانێکدا ئەو گریمانەیە نوستووە کە پانتایی مرۆڤی ئەفرێنەر بریتییە لە پانتایی شتە مومکین و بەدەستهاتووەکان. زۆر دەربڕین، کەم دەربڕین، توانای زۆر دەربڕین، توانای کەم دەربڕین هەر هەمووی لە شتێکدا کۆدەبێتەوە: لە خەم و وەسوەسەی دەستەجەمعییدا بۆ دەربڕین تا ئەو جێیەی دەشێت یان تا ئەو جێیەی کە ڕاستەقینەترین شێوازە یاخود تا ئەو جێیەی کە جوانترین شێوازە». بێکێت، دەربڕین و بەیانکردن وەک گرفتی هەرەسەرەکیی و سەنتراڵی هونەری مۆدێرن دەخاتەڕوو، و بەو جۆرەی لە پانتایی ئازاری گیانلەبەرەکاندا گەیشتینە جۆرێک لە "مەحاڵبوونی دەربڕین" ئەوا لە هونەریشدا گەر خەمی دەربڕین لەگۆڕێدا نەبێت ئەوا ئیمکانی دەربڕین لە هەناوی مەحاڵەوە دێتەدەرەوە.

گەر بمانەوێت ئەم خاڵە بە نمرەیەک لە ڕامانەوە بگوازینەوە بۆ ناو پانتایی ئەزموونی گیانلەبەران، ئەوا دەتوانین بڵێین ئاخۆ خەم و ختوورەی بەرگری لە حەیوانات خۆی بەشێکە لە پەیوەندییەکەمان بە حەیواناتەوە؟ وادەردەکەوێت مەسەلەی بەرگری لە حەیوانات خۆی بەشێک بێت لە کۆی پیشەسازیکردن بە حەیواناتەوە. لە پانتایی ئەزموونی مرۆییدا، کۆمەڵێک فۆرمی

ڕزگاری وەرگەڕاون بۆ ئامراز، و لێرەشدا کەڵکەڵەی پشتیوانیکردن لە حەیوانات بەشێکە لەو بنبەستەی کە لە فۆرمی سیستەمی سەرمایەدارییدا تێیکەوتووین. ئەم مەسەلەیە خۆی لە **دەرنەخستنی** ڕێگەچارە بونیادییەکاندا **دەردەخات.** کێشەکە لەوە گەورەترە کەسێک گۆشت دەخوات یان ڕووەک، و پێنج مانگا لە سەربڕین و کەوڵکردن نەجاتدەدات یان نا؛ شتەکە بەستراوەتەوە بە ڕەخنەکردنی سەرمایەدارییەوە وەک جۆرێک لە پەیکەربەندیی سەرتاسەری دەرهەق بە سرووشت و ماشێن و سەرمایە و کاڵا و هەر لەبەر ئەمەش پرسی حەیوانات بەستراوەتەوە بە پرسی مرۆڤەکانەوە و ناتوانرێت یەکیان بەبێ ئەویتریان چارەبکرێت. مەسەلەکە هاوکات مەسەلەی بەیەکداچوونی «ئازار» و «دەربڕینی ئازار»یشە.

واڵتەر بنیامین پرسی "دەربڕین" و زمان لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیادا تاوتوێدەکات. لە قۆناغی یەکەمی خۆیدا، بەتایبەت لە وتارە ناسراوەکەیدا «زمانی مرۆیی و زمان بەگشتی»، پێیوایە هەموو بوونەوەران یەک بوونی مەعنەوییان هەیە و یەک بوونی زمانیی‌یش. بوونی زمانی، خودی دەرکەوتنی بوونەوەرانە، واتە بەفیعلی هەمووشت جۆرێکە لە شەیر(بەشدارییپێکردن) و دەربڕین: مێز، دار و درەخت، دیوار و هتد. [واتە بوونی شتەکان خۆیان دەرکەوتە و دەربڕینن و شتێک دەردەبڕن]. هەموویان جۆرێک لە دەربڕین و بوونی زمانی‌یان هەیە، و خۆیان دەردەبڕن. سەبارەت بە مرۆڤیش، بوونە مەعنەوییەکەی ئەو بریتییە لە زمان و هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێین مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە. بەڵام لەڕاستییدا دەربڕین و *زماندار*بوون، شتێکی ئۆنتۆلۆژییە، واتە کۆی جیهان شێوازێک بووە لە دەربڕین و لەڕێگەی گوناهەکەی ئادەمەوە ئەم جیهانە تووشی کەوتن هاتووە و سرووشتەکەی دووچاری پەیوەندییەکی ڕووشاو بووە کە چیتر ناتوانێت خۆی دەربڕێت. بنیامین ئاماژە بەو خاڵەش دەکات کە ئێمە هەمیشە پێمانوایە سرووشت بەستەزمانە و قسەناکات چونکە شیوەندەکات. شین و زاریی سرووشت لە شیعری ڕۆمانتیکەکانیشدا دەبینین. لە هەموو لایەکەوە، بە وتەی بۆدلێر، بەر تەمسیل(Allegory) دەکەوین، بەر مێژووییبوونەوە و بەتەمسیلبوونی سرووشت. لە بۆدلێرەوە تا جۆرج تراکل بەر سرووشتێکی بریندار دەکەوین کە لەڕێگەی تەمسیلەوە ناڵە و شیوەندەکات. بنیامین دەڵێت سرووشت بێزمانە بۆیە شیندەکات نەک بەپێچەوانەوە(واتە مادام شیندەکات ئیدی زمانیشی نیە). بێزمانیی سرووشت، لە پرۆسەی

کەوتن(سقوط)ـەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەفیعلی خودی ناوەکانیشی شێواندووە و ئێمە چیتر ناوە سەرەکییەکانی ئادەم هەڵناگرین. تیۆرەکەی بنیامین، هەر لەبنەڕەتەوە پرسی دەربڕین وەک شتێک دەبینێت کە لە دەرکەوتن تێدەپەڕێت و بە فۆرمێک لە «بوون»ـی دادەنێت. دەتوانین هەریەکە لەم خاڵانە بەشێوەی سەربەخۆش شرۆڤەبکەین: باسی دەربڕین لە بوونناسیی تیۆلۆژیی بنیامیندا، باسی دەربڕین لە هونەری مۆدێرن و لای بێکێت، باسی ئازار و دەربڕین لە "دیالەکتیکی ڕۆشنگەری" ـی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر و مەسەلەی دەروونشیکاری. ئەمانە دەتوانن دەسپێکی ئەو باسە بن کە باسی گیانلەبەرانی تیا دەورووژێنرێت، چونکە بەستەزمانیی سرووشت و بەستەزمانیی گیانلەبەر دەیخاتە چەقی ئەم پرسە ئۆنتۆلۆژییەوە کە چ پەیوەندییەک لەنێوان ئازار و دەربڕینی ئازاردا هەیە.